لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# ئەو ژنەی لە هەموو مافەکانی خۆش بوو

پاش دوو دانیشتنی تری دادگا، دادوەر بڕیاری جیابوونەوەی منی لەو دا و دەرکەوت کە دیارە قسەکانی من راستن بۆیە نایەت، تەڵاقی خۆم وەرگرت و لە هەموو مافێکی خۆشم خۆش بووم

ئا: باوکی میدیا



گوڵان
ژمارە (٧٨٠)
٢٠١٠/٥/١٠



کەم ژن هەیە داوای تەڵاق بکات، کەمتریشن ئەوانەی لە مافەکانی خۆیان خۆش دەبن، بەڵام (گەلاوێژ) یەکێکە لەوانەی کە داوای تەڵاقی لە مێردەکەی کرد و لە هەموو مافێکی خۆشی خۆش بوو، با بزانین هۆی ئەم بڕیارەی چی بووە و بۆ وایکرد.(گەلاوێژ) هۆی ئەم هەڵوێستەی بەمشێوەیە بۆ گێڕاینەوە و وتی: پێنج مانگ بوو مێردم کردبوو، کابرا فەرمانبەر بوو، بەرێکەوت بڕیاری گواستنەوەی بۆ فەرمانگەکەی ئێمە دەرچوو بوو، لەوێ بەڕێوەبەر ناردییە ژوورەکەی ئێمە، ماوەیەك بوو لە ژوورەکەی ئێمە بوو هەستم دەکرد سەرنجم دەداتێ، سەرەتا گوێم پێنەدا، بەڵام وردە وردە زیاتر بایەخی پێدەدام و زیاتر هۆگری خۆی بۆم دەردەبڕی، وای نیشان دەدا، گوایە شەو و رۆژ منی لە خەیاڵە.

دواجار، کە سەیری هەڵسوکەت و کەسایەتیم کرد و هەڵیمسەنگاند شتێکی نا شایستە و نابەجێم لێنەدەبینی، تۆمەز دوو کەسایەتی و دوو جۆرە سلوکی هەبوو، ئەو بەردەوام بوو لە بایەخدانی بەمن، وایلێهاتبوو هەموو فەرمانگەکە دەیانزانی کە خۆشمیدەوێ، منیش لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکەمەوە، رۆژێك رووبەڕووی دانیشتم و پێموت دەمەوێ هەندێك قسەت لەگەڵ بکەم وتی: فەرموو، یەکەم پرسیار وتم:

مەبەستت لەو هەڵسووکەوت و قسە و بایەخ پێدانەت چییە کە هەموو فەرمانگەشت تێگەیاندووە، چیت دەوێ؟ وتی": ئارەزوومە بێمە خوازبێنیت، وتم: جا بەو جۆرە رەفتارانە دەبێ، دەتوانی بەشێوەیەکی ئوسوڵی داوام بکەی و بێیە پێش.

## دوای زەماوەند

پاش ئەوەی هاتە خوازبێنیم و ماڵمان دانا و خانووی بۆ گرتم ئینجا گواستمیەوە، مانگێك بوو کە ژنی بووم، دەمدیت شەوان شتی سەیری دەکرد کە هی گێڕانەوە نییە، بەیانی کە پێمدەوت: هەر زوو نکۆڵی لێدەکرد.

چەند جارێکی تر دووبارەی کردەوە، بە توندی رەتیمدایەوە، بە کورتی هەر وەك فیلمەکان دەیویست هەڵسوکەوت بکات، پاشان بۆم دەرکەوت خۆشی کەسێکی نەفس نزم و لادەرە و لادانی هەیە، سەرەتا بۆ من وەکو شۆکێك بوو، پرسم بە پزیشك و ئەو جۆرە کەسانەکرد، وتیان رەنگە بە چارەسەری پزیشکی چارەسەر بێ و واز لەم رەفتارانەی بێنێ، منیش پێم لە جەرگی خۆم نا و بەو مەبەستەی کە وەك نەخۆشێك وایە و پێویستی بە چارەسەر هەیە، هەڵسوکەوتم لەگەڵی کرد، ئینجا هەتا رازیشم کرد بردمە لای پزیشك قیر سپی بوو، پزیشك چەند جارێك دانیشتنی بۆ کرد، پاش چوار پێنج دانیشتن پزیشکەکە بە منی وت: ئەم کەسە نەخۆش نییە، بەڵکو خۆی ئەم دۆخەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و حەزی لێیە و تەرکیشی ناکات، بەم قسەیەی پزیشکەکە، کە ماوەی مانگێك خەریکی بوو، زۆر نیگەران بووم، ئاخر چۆن دەبێ من ژنی پیاوێکی وەها بم و ئەوە رەفتار و رەوشتی بێ.

ماوەیەکی دیکە دانم بەخۆمدا گرت، بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی پاش تەرك کردنی پێبدەم، بەڵام کابرا بە ئەنقەست بە حەز و ئارەزووی خۆی ئەو کارانە فێرببوو دواجار لێ وەڕس بووم، بەتایبەتی شەوێك کە هاتە لام کەچی داوای لێدەکردم پێوەندی لەگەڵ پیاوی دیکە ببەستم.

هەر بەمشێوە کردمە هەرا و ماڵەکەیم بۆ بەجێهشێت و چوومەوە ماڵی باوکم، هەموویانم لەخەو بە ئاگا هێنا و وتیان چییە، گوتم: بەیانی دەچمە دادگا و داوای تەڵاقی خۆم دەکەم، وتیان باشە تۆ بووکی تەنیا پێنج مانگی، بۆچی داوای تەڵاق دەکەی؟ کێشەکەم بۆیان باس کرد و وتم: پیاوێکی بێ کەسایەتییە پووچە و زەڕەیەك رەوشتی نییە، کەسێکی لادەرە و داوای شتی نابەجێم لێدەکات، لە هەمووشی قەباحەتر داوام لێدەکات لەگەڵ پیاوی دیکەش بخەوم، کە ئەو قسانەم کرد، باوکم خەریکبوو شێت و هار دەبوو، وتی دەچم بزانم، ئەگەر راست بن شەرت بێ هەر ئەمشەو دەبێ بیکوژم، وتم: بابە بە خودای راستن و یەك وتەشم لەخۆمەوە نەوتووە، دوو مانگ پێش ئێستا بردمە لای پزیشکی دەروونیش پرسیارم لەسەر ئەو حاڵەتە کردبوو، وتیان رەنگە نەخۆشی دەروونی هەبێ، کەچی پزیشکی دەروونی مانگێك لەگەڵی خەریکی چارەسەرکردنی بوو، ئاخیرییەکەی بەمنی وت: ئەو پیاوەت نەخۆشی دەروونی نییە و بە حەز و ئارەزوو و ویستی خۆی ئەو شتانە دەکات، دڵنیام ئەگەر لەگەڵی بمێنیتەوە تۆش لەڕێ لادەدات، ئێستاش با تووشی کێشەی گەورە نەبین و خەڵکیش پێمان خۆش نەبێ، دەچمە دادگا و داوای تەڵاقی خۆم دەکەم و هیچیشم لێی ناوێ، چونکە ماڵ و سامانیشی هیچ حەڵاڵ نین، چوومە دادگا و داوای تەڵاقم کرد، لەیەکەم دادبینی دادوەر لێی پرسیم کچم بۆچی خۆ تەڵاق شتێکی ئەوەندە ئاسان و خۆش نییە تۆ داوای دەکەی...؟

وتم: ناتوانم لەگەڵی بژیم، ئینجا

پرسیاری لەو کرد و وتی: بۆچی ژنەکەت داوای تەڵاق دەکات؟ وتی: وەڵڵا مەگەر هاربوویێت، بڵێ لە چیت کەمە، چیم بۆ نەکردووی، ئایا ڕۆژێك قسەیەك جنێوێکم پێوتووە، ئایا ڕۆژێك شەقێك یا زللەیەکم لێیداوە، وا لەبەردەم دادگا ڕاوەستاوە و با بڵێ دادوەرەکە سەیرێکی منی کرد و گوتی: کچم چی دەڵێی، قسەکانی ماقووڵن، ئەگەر وەڵامی پرسیار و قسەکانیت نییە داواکەت ڕەتدەکەمەوە، تەماشایەکی مێردەکەمم کرد و گوتم: بەڕاستی بێ چاوەڕوویت، زەڕڕەیەك شەرم لە خۆت ناکەی، خۆت وا نیشاندەدەی کە گوایە پیاوێکی زۆر سەنگین و بە ویقاری وا نییە، دادوەرەکە پێی گوتم: کچم ئەو قسانە مەکە وەڵامی دادگا بدەوە، ئەمە دواجار پرسیارت لێدەکەم و دەرفەتت دەدەمێ، ئەگەر نا هەر لەم دادبینیەدا داواکەت ڕەتدەکەمەوە، من نەمدەویست هیچ شتێك بڵێم بە تەمای ئەوە بووم کابرا بە داواکەم ڕازی بێ، نەخۆم و نەخۆشی تووشی شەرمەزاری و ئیحراج بوون نەبین، بەڵام دیاربوو بەوە ڕازی نەبوو، بۆیە هەر دەبوایە ڕاستیەکان ئاشکرا بکەم، ئەوە بوو وتم: جەنابی دادوەر لە ڕووم نایە لێرە قسە بکەم، دەمەوێ بە تەنیا بەخۆتی بڵێم، وتی باشە ژووری دادگا چۆڵ کرا و من و دادوەر ماینەوە و هەرچی هەبوو نەبوو هەموویم وت: ئینجا دادوەر لە مەسەلەکە گەیشت، پاشان کابراشی بانگ کرد و قسەکانی منی پێوت: ئەو نکۆڵی لێکرد دادگا بڕیاری دا بنێردرێتە پشکنین. کە ئەو بڕیارە درا، جارێکی تر چاوی بە دادگا نەکەوتەوە، پاش دوو دانیشتنی تری دادگا، دادوەر بڕیاری جیابوونەوەی منی لەودا و دەرکەوت کە دیارە قسەکانی من ڕاستن بۆیە نایەت، تەڵاقی خۆم وەرگرت و لە هەموو مافێکی خۆشم خۆش بووم، هەر لە بە خاتری ئەوەی جارێکی دیکە چارەی زەلامێکی وەها نەبینمەوە، سەیر لەوەدابوو پاش ئەو ڕۆژەی دادگا لە فەرمانگەش داوای گواستنەوەی کردبوو، کە من هەموو جارێ دەموت: بەخوا تەنیا ئەو پیاوەتییەی لەگەڵ کردم، هەر زوو گواسترایەوەو لای ئێمە نەما، منیش لەم دێوەزەمە و لەم ئەزموونە تاڵە ڕزگارم بوو.

**چەند جارێکی تر دووبارەی کردەوە، بە توندی ڕەتمدایەوە، بە کورتی هەر وەک فیلمەکان دەیویست هەڵسوکەوت بکات، پاشان بۆم دەرکەوت خۆشی کەسێکی نەفس نزم و لادەرە و لادانی هەیە**



# (سەمیرە) باجی ناكۆكییەكانی خێزانەكەی



### سەرەتایەكی پڕ لە بەختەوەری

لە نێوان بنەماڵەی(سەمیرە) و (دەهام) دا خزمەیەتییەكی بەهێز هەبوو، (سەمیرە و دەهام) باوكیان ئامۆزا بوون.

ئەوان زۆر تەبا و رێك بوون(سەمیرە) خاوەنی چوار برا بوو، برا گەورەكەی (فەرهاد) بۆچوار ساڵ دەچوو دڵی چوو بووە سەرخوشكە گەورەكەی(دەهام) كە ناوی (گوڵەباخ) بوو(دەهام) یش بە دڵ حەزی دەكرد رۆژێك دابێ(سەمیرە) ببێتە هاوسەری و هەمیشە بەو خەونە دەژیا، لە سەرینی ئەو موحیببەتەوە هەردوو بنەماڵە پێوەندییان تا بڵێی خۆش بوو، وا رێككەوت هەردوولا بەشێوەی ژن بە ژنی داخوازی كچی یەكتر بكەن.. سەرەتا هیچ لایەك نارەزاییان نیشان نەدا، بۆیە تەدارەكی داخوازی لەلایەن هەردوو بنەماڵەوە رێكخراو كردیانە راستی و داخوازی كچی یەكتریان كرد. ئەوە بوو بە خۆشی و شادی رێورەسمی زەماوەندیان رێكخست و ئاهەنگی شەكرا و خواردنەوە و مارەیی

و زەماوەندیان کردە یەك و هەر بە یەك رۆژیش هەموو شتێکیان ئەنجامدا، دوای تەواوبوونی ئاهەنگی شایی و زەماوەند، هەر لایە و چووە ماڵی تازەی، پتر لە ساڵ و نیوێکی خایاند، خودا منداڵێکی خنجیلانەی بە (سەمیرە)دا.

بەڵام(گوڵەباخ) تا ئەو کاتیش کە(سەمیرە) منداڵی بووە، سکی پڕ نەبووبوو، وردە وردە لێرە و لەوێ قسە و قسەڵۆك دەبینرا، کە گوایە(گوڵەباخ) نەزۆکە، کاریگەری ئەو قسانە لەسەر (فەرهاد) زۆر بوو، هەر کە قسەی وەهای دەبیستەوە، بە تەواوەتی پێی تێکدەچوو، سەر و دڵی دەگیرا و عاجز دەبوو، بەڵام لەو عاجزتر(گوڵەباخ) بوو، چونکە گوناهەکەی لەخۆی دەبینی ئەگەرچی نەچوو بووە لای پزیکیش.

## سەرەتای ناکۆکی و ناخۆشییەکان

لە گێڕانەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دوو خێزانەکە لە زاری (سەمیرە) جوانتر و روونتر سروشتی ئەو ناخۆشی و ململانێیانەی ئەو دوو خێزانەمان بۆ دەردەکەوێ.

ئێستا (سەمیرە) لە ماڵی باوکییەتی، ئەوە دوو ساڵە لای باوکییەتی و منداڵەکەشی لایە، مێردەکەی نە تەڵاقی دەدا، نەدەشیباتەوە لای خۆی، با دەرفەت بدەینە (سەمیرە) بزانین کێشەکەی بەچی گەیشت (سەمیرە) بەمجۆرە کێشەکەی خۆی باس دەکات و دەڵێ: من و (دەهام) یەکترمان زۆر خۆشدەویست

پێش ئەوەی ببینە هاوسەری یەکتر هەستمان دەکرد بە هەواو هەناسەی یەکتر دەژین، کاتێك بووینە هاوسەری یەکتر و خێزانیشمان پێکهێنا، خۆشەویستییەکەمان زۆر زیاتریش بوو لە جاران، هەتا منداڵێکیشمان بوو، هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام کە منداڵێکمان بوو، دوای حەوت هەشت مانگێك ناخۆشی رووی لە ماڵەکەمان کرد، بەڕاستی زۆرم خەفەت لەوە دەخوارد کە کەسوکاری مێردەکەم ئەوەندە بەتانەو تەشەر بن، ئێ باشە من ژیانی خۆم هەیە و بەرپرسم لە ژیانی تایبەتی خۆم چ کارم بە خەڵکی دیکە نییە و ئەوان چ کاریان بە من هەیە، براژنەکەم زۆر تەنگەتاوی منداڵ بوون بوو، بەڵام دکتۆری دنیای کرد هەر سکی پڕ نەدەبوو، دایك و خوشکەکانی خەریك بوو شێت دەبوون، براکەشم لە شەرمان و لە بەر قسە و قسەڵۆکان ناچار بوو پەلی ژنەکەی گرت و بەیەکەوە چوونە لای پزیشك کە بزانن هۆی منداڵ نەبوونیان چییە، دوای پشکنین و هەوڵێکی زۆری دەستنیشانکردنی هۆی منداڵ نەبوونیان دەرکەوت کێشەکە لە براژنەکەمدایە، براکەم لەسەر ئەو فشارانەی کە لەسەر ژیانی (من و دەهام)ی دروستیان کردبوو، زۆر توڕە بوو لێیان و بە خەسووی خۆی وت: تۆ هەموو رۆژێك کێشەت بوو لەسەر منداڵ نەبوونمان و ئەوە بۆشت دەرکەوت کە کچەکەتە منداڵی نابێت، منیش بڕیارم داوە ئەگەر کۆتایی بەو کێشە و قسە قسەڵۆکانە نەهێنن، ژنێکی تر دەهێنم، کە براکەم ئەو قسەیەی کرد خەسووی تەقاندییەوە، کردییە هەرا و بەزمێك ئەوسەری دیار نەبێت، ناکۆکییەکان پەرەیان سەند و براژنەکەم زیز بوو ماڵی بەجێهێشت و دەرفەتێك بۆ لێکگەیشتن و لێکحاڵیبوون نەمایەوە، خەسووی براکەم رووبەڕووی براکەم بۆوە و زۆر قسەی ناشیرین و توندی پێوت، دەرەنجام براکەم سوێندی خوارد کە ژنێکی تر بهێنێت بەسەر براژنەکەمدا.

## تێکچوونی شیرازەی دوو خێزان

پێم ناخۆش بوو کە ژیانی ژن و مێردایەتی نێوان براکەم و ژنەکەی بەو ئاقارەدا گەیشت، بەڵام ترسی زیاترم لەسەر خۆم بوو، من و هاوسەرەکەم ژیانێکی ئاراممان دەبردە سەر، هیچ کێشەیەکمان نەبوو، خێزانێکی تا ئەوپەڕی بەختەوەر بووین و بە شادی دەژیاین، ترسم هەبوو پەتای ناکۆکییەکانی ئەوان ئێمەش بگرێتەوە، پێشبینیەکەشم راست دەرچوو، ئاخیرییەکەی کێشەی ئەوان یەخەی ئێمەشی گرت، خەسووی براکەم کە دەکاتە خەسووی منیش، ئەمجارە ملی لەبەر ملی من ناو فشاری خستە سەر مێردم و دەیوت تۆش دەبێ یان ژن بێنی یانیش تەڵاقی بدەی و ئەوان دەمکوت بکەی، بەڕاستی خەسووم ژنێکی خۆسەپێنەری خۆتێهەڵقورتێنەری ناڕاست بوو، تەنیا قسە و بۆچوونی خۆی پێ راست بوو، ژنێکی بە رق و کێشە و ئاژاوەچی بوو.

ئاخر مادام ئەوان تەبان و چ کێشەیان لەسەر منداڵ نییە، بڵێ ئیدی تۆ هەقی چیت بەسەریانەوە هەیە!!؟.

ئینجا رووی ململانێکەی لە ئێمە کرد و ناکۆکی لە ناو ماڵی ئێمەش نایەوە، مێردەکەم سەرەتا ئەوەندە قسەکانی خەسوومی بە هەند وەرنەگرت، بەڵام ئەوەی کە شیرازەی وەزعەکەی تێکدا ئەوەبوو، رۆژێك دەمەقاڵی نێوان براکەم ژنەکەی و خەسووم گەیشتە ئاستێك براکەم سوێندی بە تەڵاق خوارد کە هەر ژنی بەسەردێنێ،. ژنەکەی خۆی لەماڵ دەرکرد، من و مێردەکەشم بەر پریشکی ئاگری ئەو ناخۆشییانە کەوتین و ماڵی ئێمەش ئارامی لێبڕا.

## دوو سێ مانگی پێ چوو، براکەم ژنێکی تری مارەکرد

ئەوەش مێردەکەمی توڕە کرد و خستییە ناو هەڵوێستێکی زۆر ناخۆشەوە، جا یا دەبوایە ئەویش ژنم بەسەر بێنێ، یانیش دەبوایە تەڵاقم بدات، هیچ کامێکیشیانی نەدەویست و نەشیدەتوانی بیکات.

بۆیە ناچار بوو من بنێرێتەوە ماڵی باوکم، بەڵام خەسووم منداڵەکەمی زەوت کرد، من بەم کارە ئەژنۆم شکا، چونکە منداڵەکەم هێشتا شیرەخۆرە بوو، هی ئەوە نەبوو لەبەر سینگ و مەمکی دایکی هەڵبگیرێت، چەندی باوکم و دایکم و خزم و کەسمان بەگژوەنان بۆ دانەوەی منداڵەکەم بێسوود بوو، دوو سێ مانگان ئەو منداڵە لە من دابڕا، هەموو رۆژێ دەمردم و دەژیامەوە خەسووم ئەوەندە دڵڕەق و خۆپەرست بوو، تەنانەت نەیدەهێشت بشیبینم، گوایە بەمە براکەمی ئازار دەدا.

هەوڵەکانمان بۆ وەرگرتنەوەی منداڵەکەم بێسوود بوو، باوکم بە نهێنی لەگەڵ مێردەکەم رێککەوت کەوا لە دادگا سکاڵا تۆمار بکەین و وەریبگرینەوە، ئەوەبوو پاش مانگێك لە هاتووچۆ کردنی دادگا، توانیم منداڵەکەم لە چنگی خەسووم وەربگرمەوە، ئێستاش ئەوە ئەو ماوە زۆرە بەسەر چووە نە مێردەکەم ژنی بەسەر هێناوم نە تەڵاقیشی داوم، هەموو رۆژێ هەواڵم بۆ دەنێرێ و دەڵێ:

هەموو دنیاش فشارم بۆ بێنێ تەڵاقت نادەم و ژنێکی تریش ناهێنمەوە، وا چاوەڕێی کەرەمی خودا دەکەم، بەڵکو ئەوە ماوەیەکە هەوڵ هەیە بتوانین بگەڕێینەوە لای یەکتر، ئاخر چاوەڕوانیش کارێکی زۆر زەحمەتە، چ زوڵمێکە کە بە زۆر ماڵت پێ تێکدەدەن!؟

# تاوانێک، تاوانێکی کۆن ئاشکرا دەکات

**رۆژێکی نائاسایی**

(عارف) تازە تەکسییەکی مودێل تازەی کڕیبوو، بە تەکسییەکەی کە بە پارەیەکی زۆر و مۆدیلیشی تازەیە، بەیانی ئەو رۆژە وەکو هەر رۆژێکی دیکە خەریکی کاروکاسبی رۆژانەی خۆی بوو، کاتێك لەسەری شەقامێکدا پێچی کردەوە، سێ گەنج دەستیان راگرت، ئەویش بۆی راگرتن و وتیان یەك دوو جێگەمان هەیە و لەهەر جێگەیەکیش پێنج شەش خولەك گیر دەبین(عارف) یش دەڵێ: باشە بەڵام ئەوەندە پارەیەتان لێوەردەگرم، ئەوانیش دەڵێن باشە چ کێشەیەك نییە، کە رێکدەکەون سواری ئۆتۆمبیلەکەی دەبن و دەڕۆن.

(عارف) دەیانباتە دوو شوێنان، واتە دوو ناونیشانی جیاواز، چیان دەکرد و چیان نەدەکرد، با درێژەی ئەو بەسەرهاتە(عارف) بەخۆی بۆمان بگێڕێتەوە و روونتری بکاتەوە، ئەویش دەڵێ: کە ئەو سێ کەسە سواربوون، سەرەتا هەستم بە هیچ نەکرد، چونکە لەناو ئۆتۆمبێلدا هیچ قسەیەکی وایان نەکرد نائاسایی بێ، ناونیشانی سێیەم کە لە کۆلانێکی دوورەدەستی کۆمەڵگەیەکی دەرەوەی شار بوو، ماڵێك بوو، وەك هەر ماڵێکی ئاسایی دیار بوو، بەڵام نەمدەزانی چی لێدەگوزەرێ، ئەوەبوو ئەوان چوونە ژورەوە و وتیان هەر کەمێکمانپێدەچێت کە رۆیشتن من لە دەرەوە چاوەڕێم کردن و لە ناو ئۆتۆمبێلەکەم دانیشتم و کوشینەکەم خوار کردەوە و چاوم لەسەر یەك دانا، نزیکەی نیو کاتژمێرێك سەر خەوێکم شکاند، کە چاوم کردەوە دەبینم ئەوا من نیو کاتژمێرە چاوەڕێیانم، لە دڵی خۆمدا وتم با ئەو پێنج خولەکەش دابنیشم و بزانم دێنە دەرێ یان نە، پێنج خولەك رۆیی بووە شەش و حەوتیش ئیدی منیش ئۆقرەم لەبەر بڕا و تاقەتم چوو، کوشینەکەم بڵند کردەوە و هاتمە دەرەوە لە ئۆتۆمبێل و چووم لە دەرگاکەمدا.

هێندەی پێنەچوو، کابرایەکی چوار شانەی بەخۆوە، دەرگاکەی کردەوە و فەرمووی لێکردم، منیش چوومە ژوورەوە، تۆ بڵێی ئاخر بۆ لە حەوشەی ماڵەکە چوومە ژوورەوە، وتم کوا ئەو سێ گەنجە کە دەمێکە لە دەرەوە چاوەڕوانیانم؟ کابرا وتی: جارێ وەرە لەم ژوورەوە دانیشە، ئێستا ئەوانیش دێن، دوای چەند خولەکێك دانیشتن هەرسێکیان بەژوور کەوتن، بەڵام چۆن بە ژوورکەوتنێك، هەموویان بە دەرپێ و فانیلە بوون و یەکی ژنێکی جوان و گەنجیشیان لەگەڵ بوو، هەر یەکەیان



دەستی هاویشتبووە سەر ملی ئەویتریان ئینجا یەکێ لەگەنجەکان وتی: ئەرێ کابرا چەند بەپەلەی، هێندەت پەلەلێکردین ناوی خۆمان لەبیرچۆتەوە، دەوەرە تۆش کەیف و سەفای خۆت بکە، یان ئافرەتت بۆ بهێنینە ئێرە، کە وای وت: چاوم چووە تۆقەی سەرم و دین و ئیمانم نەما، دوو سێ جنێوی مستەحەقم پێدا، من خۆم زۆر پێ لەسەر هەق بوو، لەوان گەیشتم چی دەکەن و چیان دەوێ، بەڵام قەت لەو بڕوایەدانەبووم ئەوەندە لەخۆیان رابپەرموون و بێمنەت بن لێم و خۆیان لە من زۆر بەهێزتر بزانن، کابرای کەتە لەبۆم هات، منیش بێ سێ و دوو ئازایانە پەلامارمدا و دامە بەر شەق و مستان، لە دڵی خۆمدا دەموت ئێستا چینێکی باشی لێدەدەم و ئەوانیدیش هەموو لە ترسان دەکەونە پاڕانەوە، بەڵکو لێیان خۆشبم نەچم شکاتیان لێبکەم، کەچی بۆم دەرکەوت نەخێر من بە هەڵەتێگەیشتووم و ئەوان زۆر لە من بەهێزتر و بە جورئەتتریشن، بێجگە لە کابرای کەتە، دووی دیکەشم لە ژوورێك لێهاتنە دەرێ، وەکی شانە زەنگە لێموەربوون و سەروگوێلاکیان لە دوو جێگە شکاندم و هەر هێندەم پێکرا بە پەلە پروزێ خۆم بهاوێمە دەرەوەی حەوشەکە و بەو سەر شکاوییەوە بچمەوە ناو ئۆتۆمبێلەکەم، لەگەڵ هەندێش لێمهاتنە دەرەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: بەخوا بابە باشە بۆ ریش چووم سمێڵیشم لەسەر و دانا، ئۆتۆمبێلم بەگڕخست و لێمدا رۆیشتم، لە ئاوێنەش دەمدیت دووان لەو سێ کەسەی کە هەڵمگرتبوون، قاقا پێم پێدەکەنین، منیش وا خوێنم لێ دێت و دەمولووتم بە خوێنەو سەریشم شکاوە، نەبە کلینکس نەبە دەستەسڕ هیچم نەسڕییەوە، وتم ئەوها دەچمە بنکەی پۆلیس با ببینن چییان لێکردووم.

کەچوومە ناو بنکەی پۆلیس، ئەو پۆلیسەی لەبەر دەرگادا راوەستابوو، زانی بۆچی هاتووم، هەر زوو بەدەستی ئاماژەی بۆ ژوورێك کرد بۆم، کە چوومە ژوورەوە ئەفسەرێکی دوو ئەستێرە لەشان دانیشتبوو، بە وردی دیقەتی دامێ، وتی: لێتیان داوە، وتم بەڵێ، وتی: جا بۆ ئەوە هاتووی شکایەت بکەی، دیسان وتم: بەڵێ، وتی: دەباشە جارێ بڕۆ بۆ نەخۆشخانە و پاشان راپۆرتم بۆ بێنە، کەچوومە نەخۆشخانە دەرکەوت لە دوو جێگە سەرم شکاوە و یەکێکیان دوو تەقەڵ و ئەویتریشیان بەسێ تەقەڵ دوورایەوە، لێویشم تەقەڵێکیان لە ژوورەوە دووریەوە، جەستەم هەمووی ژانی دەکرد، چەند جێگەیەکەم شین و مۆر هەڵگەڕابوون، ئیتر بەخۆم و بە راپۆرتی پزیشکی گەڕامەوە بنکەی پۆلیس و شکایەتم تۆمارکرد، ئینجا لەگەڵ ئۆتۆمبێلی پۆلیس، رۆیشتین بۆ شوێنی رووداوەکە و بە منیان وت: بڕۆ خۆت لە دەرگە بدەوە و ئێمەش لە پەنای ئۆتۆمبیلەکەی خۆت خۆمان مات دەکەین و بزانین چی روودەدات، ئەوسا رایانکێشە دەرەوە و ئێمەش دەیانگرین، منیش بە گوێیانم کرد و لە دڵی خۆشمدا دەموت بە خوا سەیرە بە خۆیان ناوێرن من دەنێرن، باشە ئەگەر زەوتیان کردم چی..!؟ بە هەرحاڵ کەوامکرد زەلامەکە هاتەوە دەرەوە هەرسێیکان دەستگیر کرد و کەلەپچەشیان لە دەست کردن، ئەوجا بە ژوورکەوتن و بەسەر حاڵەکەیان داوا و چەند ژن و پیاوێکی دیکەشیان گرتن، ئەوانە هەموو راپێچی بنکەی پۆلیس کران.

## بەهۆی دەستگیردنیانەوە تاوانی دیکەشیان ئاشکرابوو

(عارف) بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەی کێشەکە کە بەسەری داهاتبوو و وتی: کە ئەوانەیان بردنە بنکەی پۆلیس، جارێ لێکیان جیاکردنەوە و هەر یەکەی لە پەنایەکیان دانان و ئەفسەرەکە نەیهێشت هیچ کامێکیان پێوەندی بەئەویدیکەیان بمێنێت و لێکنزیك ببنەوە، ئەوجا سەرەتا ژنەکانی بانگ کرد و پرسیاریشی لە من کرد کە داخۆ لە کاتی پەلاماردانەکەیان بۆم ئەوانە لەوێ بوون؟ وتم: هەموو ئەوانەی لەوێ دەستگیر کراون هی ئەوێ بوونە، تەنیا دووانیان نەبێ کە من نەمدیتوون، لێکۆڵینەوەیەکی خێرایی لەگەڵ ژنە کرد، پاشان بە پۆلیسێك ناردیە ژوورێکی تەنیایی، یەکێ لە پیاوەکانی بانگ کرد و هەندێ پرسیاریشی لەو کرد، بەڵام ئەفسەرەکە هەستی بەشتێك کرد کە سەرەتا نەمزانی چ بوو، دواتر بۆم دەرکەوت لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ و بە پێچ و پەنای لەگەڵ ئەو تۆمەتبارە بەکارهێنا و دەرکەوت کابرا دەرمانی بێهۆشکەر و سەر خۆشکەریش بەکاردێنێ.

بەمجۆرە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ یەکە یەکەیان کرد و بۆی دەرکەوت کە ئەوانە پەلاماریان داوم و لێیانداوم، منیان بە پەڕاوی لێکۆڵینەوەوە، رەوانەی لای دادوەر کرد، ئەوانیشیان هێنا، قسەکانی خۆم دووپات کردەوە، دادوەریش دوو کێشەی لەسەر کردنەوە و بڕیاری دا هەموویان لە ژوورێ بکرین و لێکۆڵینەوەش لەگەڵیان بەردەوام و هەمەلایەن بکرێت، ئەوانە هەموویان دەستگیرکران، پاشان بۆم دەرکەوتەوە، کە پۆلیسێکی ناسیاومان هەبوو لەو بنکەیە کە ئەو ماڵەی کە ئەوانەی لێبووە، ماڵێکی داوێنپیسی و نایاسایی بوونە، پاشان دەرکەوتبوو کە تاوانی دیکەشیان کردبوو، لەوانە ماددەی نایاساییان لە ماڵەکەیاندا گرتبوو، هەروەها یەکێ لە تاوانبارەکان تاوانێکی کوشتنی ئەنجامدابوو کە سێ ساڵ پێشتر کردبووی و لێرەش بەهۆی ئەو شەڕەوە بەهۆی لێکۆڵینەوە دەرکەوتبوو کە ئەو کەسە زۆر جێگەی گومانە و پاشان زانرابوو کە تاوانێکی کوشتنی ئەنجامداوە، بەو هۆیەوە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە توانیبوویان کەسوکاری کوژراوەکە بدۆزنەوە و کابرای کەتنکەریش بناسنەوە، ئیشی کابرا کەوتە لێژی و هەرچی کردبووی و نەیکردبوو لێی ئاشکرا بوو، ئەوەی بنبەڕێیان لێ هێنابووە سەر بەرێ، ئەوجا لە هەمووی خۆشتر بەرێگەی دۆست و ناسیاوەکانیانەوە هەواڵیان بۆ دەناردم کەوا هەر چەندی بمەوێ دەمدەنێ بەو مەرجەی لێیان خۆش بم، منیش هەر بۆ گاڵتە وتم: ئەگەر دەفتەرێکم بدەنێ لێیان خۆش دەبم، هەر هەمان رۆژ وەڵامیان ناردبوو کە ئامادەن دەفتەرەکە بدەن هەر بۆ ئەوەی رازی بم لێیانخۆش بم، وەڵامم بۆیان ناردەوە و وتم: هەر دەبێ لە چاوەڕوانی ئەوەدابن کە من مافی خۆم بە پارە بگۆڕمەوە، تاوەکو سزای خۆیان وەرنەرگرن ئامادەنیم بە هیچ کلۆجێك لە مافی خۆم خۆش بم، ئاخیرییەکەی دادگا سزایدان و ماوەی زیندانیکردنیان لە یەك ساڵەوە تا پێنچ ساڵ و مانگێك بۆیان بڕایەوە و هیچ کامێکیان لە سزا رزگاریان نەبوو، ئەوە بێجگە لەوەی کە ئەوەی تاوانی کوشتنی ئەنجامدابوو بە پانزە ساڵ زیندانی حوکمدرا، سەیر لەوەدابوو رووداوەکە بووە هۆی ئاشکرابوونی یەك دوو تاوانی دیکەش و مافی خەڵکی دیکەشیان بۆ خاوەنەکانیان گەڕاندەوە.

**هەروەها یەکێ لە تاوانبارەکان تاوانێکی کوشتنی ئەنجامدابوو کە سێ ساڵ پێشتر کردبووی و لێرەش بەهۆی ئەو شەڕەوە بەهۆی لێکۆڵینەوە دەرکەوتبوو کە ئەو کەسە زۆر تاوانی تری کردووە**

**هەستی بەشتێک کرد کە سەرەتا نەمزانی چ بوو، دواتر بۆم دەرکەوت لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ و بە پێچوپەنای لەگەڵ ئەو تۆمەتبارە بەکار هێنا و دەرکەوت کابرا دەرمانی بێهۆشکەر و سەر خۆشکەریش بەکاردێنێ**

**(ئەڤین جەلال) نووسەر و چالاکوانی مافەکانی ژنانە، ئەو جگە لە وتاری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە پرسی ئافرەتان، وتاری سیاسیش دەنووسێ، بەڵام بەروئیایەکی جیاوازتر شیکردنەوە بۆ پرسی ژنان و ماف و داواکانیان دەکات، (ئەڤین) پێیوایە دەبێ ژنان بە قودرەت و توانای خۆیان بگەنە کورسی پەرلەمان و بەرپرسیاریەتی وەزیر نەك بە دانان لە رێگەی سیستەمی (کۆتا)وە، (گوڵان) پێوەندی پێوەکرد و ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازدا.**

## نووسەر و چالاکوانی بواری ئافرەتان (ئەڤین جەلال) بۆ گـوڵان:

# دەستنیشانکردنی رێژە بۆ ئەندامیەتی ژنان لە پەرلەماندا کارێکی هەڵەیە

**• هەندێك ئازادبوونی ژنان بە مەسەلەی گەیشتنیان بە دەسەڵات و وەدەستهێنانی پلە و پایەی وەزیر و کورسییەکانی پەرلەمان دەبەستنەوە، هەندێکی دیکەش پێیانوایە ئەمە تەنیا مەسەلەیەکی شکڵی بێ ناوەڕۆکە و دەسەڵاتی سیاسی لە پێناو نیشاندانی وێنەیەکی جوانی دەسەڵاتدارێتی ئەمە دەکات، لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا ئێوە چ تێبینیەکتان هەیە؟**

• چەمکی ئازادی لەوە قووڵترە بە بەخشینی کورسی وەزارەت و پەرلەمان بەدەست بێت، تەمەتوع کردن بە ئازادی راستەقینە، واتە دەستەبەری مافە سروشتییەکان و یەکسانی سەربەخۆبوون لە بڕیاردان.

مەسەلەی بەخشینی پۆست بە ژنان مەسەلەیەکە لە رۆژهەڵات وەك بەخشینی (منحە) لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە مامەڵەی پێدەکرێ، هەر حزبێك بۆ موزایەدەکردن لەسەر حزبەکانی دیکە موتۆی ئازادی ژنان و بەدیهێنانی یەکسانی و بەرزکردۆتەوە، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پەیمانە ئەرخەوانییەکان و قسە باق و بریقەکان زیاتر دەبن، حزبە دەسەڵاتدارەکان زۆر جار ژنانی خاوەن پۆست وەك دیکۆر لە میتنگە نێونەتەوەییەکان بەکاردێنن یان گەرەکیانە بەهۆیەوە وێنەیەکی جوانی حوکمڕانی بە دنیا نیشان بدەن.

بەڕای من تا ئێستا مەسەلەی ئازادی ژنان و هێنانەدی یەکسانی لە رۆژهەڵاتدا درۆیەکی گەورەیە، درۆیەکی ئاشکرایە، حزبەکان سیمای خۆیانی پێ بریقەدار و جوان دەکەن، هاوکات لە کاتی هەڵبژاردنیشدا خەڵکی سادەی پێ فریودەدەن بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی زۆرینەی دەنگەکان.

**• ژنان لە پەرلەمانی کوردستان رێژەی ٣٠ ٪ی ئەندامان پێك دێنن، هەروەها لەکابینەی حکومەتیشدا وەزیریان هەیە، بەڵام بەشداریان لە کاری تەنزیمیدا لاوازە، بەڕای ئێوە ئەمە پەیوەستە بە ساوایی سیستەمی دیموکراسی یان لاوازی ئیرادە و هۆشیاری ژنان؟**

- بەڕای من هەردوو هۆکار کاریگەریان لەو مەسەلەیە هەیە، خۆی دەستنیشانکردنی رێژەیەکی دیاریکراو بۆ ئەندامییەتی ژنان لە پەرلەمانی عێراقدا کارێکی هەڵەیە، دەستەبەرکردنی مافەکان و تەمەتوعکردن بە ئازادی لە رێگەی ئەو شێوازەوە نایەتە دی، گەر ئێمە بمانەوێت لاسایی ئەورووپا بکەینەوە، هەڵەین. لە وڵاتێکی وەك سوێد کە بە لوتکەی سۆشیال و یەکسانی و ماف دادەندرێت و ژنان نزیکەی ٤٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمانیان وەرگرتووە، ئەوە دەنگی خەڵکە کە متمانەی مافی نوێنەرایەتی بە ژنان داوە نەك حزب و دانانی رێژە، پاشان کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستانی لە رووی کولتوور و سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە چەند لە کولتووری کۆمەڵگە ئێسکەندەنافییەکان جیاوازە؟ بێگومان جیاوازییەکان ئاسمان و رێسمانیان نێوانە.

دەپرسم لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ژمارەی ئەو ژنانە چەند بوو کە بە توانای خۆیان کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێنا؟ بێگومان مەسەلەکە لای هەموولایەك ئاشکرایە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ، ئەو ژنەی لە رێگەی (دامەزراندن)ەوە، دەچێتە پەرلەمان نوێنەرایەتی کێ دەکات؟ ئەو حزبەی کە دەستنیشانی کردووە یان

**زۆربەی ژنە پەرلەمانتارەکانی رۆژهەڵات بەشێکن لە دیکۆر و جوانی هۆڵەکانی پەرلەمان**



نوێنەرایەتی ژنان، بەڕاشـکاوی دەڵێم زۆربەیان نەك هەموویان چ پێوەندییەکیان بـە واقیعی ژیانی ژنان و موعانات و ئازارەکانی ژنانی لادێ و نەخوێندەوار و بێوەژن و قەیرە و ژنانی ماڵەوە نییە، ئەوان زیاتـر نوێنـەری حزبەکانیان، بەداخەوە زۆربەی ژنە پەرلەمانتارەکانی رۆژهەڵات بەشێکن لە دیکۆر و جوانی هۆڵەکانی پەرلەمان.

(دامەزراندن) لە هەر شـتێك بکرێ نابـێ لـە ئەندامییەتـی پەرلەمان رووبدات، هەبوونی ژنان بەو شێوەیەی ئێستا لە هۆڵەکانی پەرلەماندا شتێکی ئەوتـۆ لە پرسـی ژنـان ناگۆڕێ و حاڵەتێکی نێگەتیڤە، دژی دیاریکردنی ئەو رێژەیەم.

**• لە عێـراق و کوردسـتانیش بە گشـتی تێبینی ئـەوە دەکرێت گەر ژنان رۆشـنبیریش بن یـان لە پلە و پۆستێکی ئیداری بەرزیش دابن، بەڵام لە بڕیـارە سیاسـی و کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکاندا پاشکۆ و وابەستەی پیاوانن، بەڕای ئێوە چی بکرێت تا ژنان ببنە خودان سەروەری لە بڕیارداندا؟**

- گرفتەکە لەوەدایە ژنان وەك بووکە شووشە تەماشـا دەکرێن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێـت، مرۆڤ کە ئازادبوو خاوەن ئیـرادە و بڕیاریش دەبێ، گەر بمانەوێـت هەیبەت بە ژنـان بدەین و بەشـداری راسـتەقینەیان لە ژیاندا هەبێ، پێویسـتە واز لـە عەقڵییەتی پەراوێزکردنی ژنانی سەربەخۆ بهێنین و لە جیاتی کادیرانی حزب رێگە بۆ ژنە چالاکوانە سەربەخۆکان خۆش بکەین.

- لە پەرلەمان و نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا چەندین دەنگی پیاو پاڵپشتی لە ماف و داواکانی ژنان دەکەن، هەوڵی دەرچواندنـی ئەو بڕیارانـە دەدەن کە خزمەت بـە ئافرەت دەگەیەنێ، رۆڵی ئـەو پیاوانە لەگـەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چۆن دەنرخێنی؟

- هێشتا بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی کوردی و عێراقی لەو قۆناغەدا نییە پیاوانی رۆشـنبیر و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانن کاریگەریـان هەبێ، پێموانییە هیچ کارەکتەرێکی رۆشـنبیری، بێ پاڵپشـتی حزب یـان باکگراوەندێکی سیاسـی کاریگەر بـێ، رێکخراوە نا حکومییەکانیش تێبینی زۆر لەسـەر ئەدای کاریان هەیـە، خەڵکێکی زۆر بە پاشـکۆ نەبوونی شـەفافییەت تاوانباریـان دەکەن، بـە کورتی ئەوە تەنیا حزبە کاریگەرەو بڕیار دەدات نەك رۆشنبیرانی و سەربەخۆ و کۆمەڵگەی مەدەنی.

**• زۆر جـار کە باس لـە ئازادی ژنان دەکرێـت، چالاکوانانی ئەو بوارە داوای یەکسان بوونیان بە پیاوان دەکەن، بەڵام پێتوانییە پیاوانیش بەشێوەیەك لە شێوەکان دیل و نا ئازادن، پێتوانییە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی شمولی فراوانە و گرێـدراوی بارودۆخی سیاسـی و ئابووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە؟**

- بەڵێ بێگومان، هەموومان قوربانی سیستەمی سیاسـی و کۆمەڵایەتین، پیاوانیش چەوسـاوە و ماف خوراون، بەڵام ژنـان دیل و بەندەی دەسـتی ئەوانـن، پێویسـتیمان بـە ریفۆرمی گشتی هەیە، سەر لەبەری کایەکانی ژیان رێك بخاتەوە، یاسا سەروەر بکات، حزب لە حکومەت تەواو جیا بکاتەوە، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بچەسـپێنی و عادات و تراد‌سـیۆنە سـەقەتەکان سەرزەنشت بکات.

**• لە رۆژئـاوادا ژنان بەشـداری بەرچاویان لە ژیانی ئابووریدا هەیە و خاوەن ئابووری سەربەخۆن، لە دووماهیدا دەپرسم سەربەخۆیی ئابووری چۆن کار لە پرسی ئازادبوونی ژنان دەکات؟**

- پێویسـتە ئەوە بزانین ئەو قۆناغە مێژووییـەی ئەمڕۆ ئەورووپـا پێیدا تێپەر دەبێ، بەرهەمی شـەو و رۆژێك نییە، بەرهەمی چەندان ساڵی خەبات و ماندووبوونە، لـە قۆناغێکدا ژنانی ئەورووپـا خراپتر لە ژنانی رۆژهەڵات، رووبەڕووی جیاکاری و چەوسـاندنەوە هاتبوون، بەڵام جیاکردنەوەی کەنیسـە لـە سیاسـەت و رەخسـاندنی هەل و کارکردن لە بەردەم ژنان و دارشـتنی یاسای مۆدێرن و سەردەمیانە، ئەوانی گواسـتەوە قۆناغێکی پێشـکەوتوو. ژنانـی ئەورووپا کارەکتـەری کارا و چالاکن، ئیشـکەر و ماندوو و خاوەن داهات، ناڵێم دەوڵەت دەسـتی نییە لە رەخساندنی ئەو دەرفەتە، بەڵام ژنانی ئێمـە تەنیا مۆدەی جـل و بەرگ و شێوازی تەسریحەی پرچ و ماکیاژکردن لەوان فێربوونە، واتە کرۆکی بابەتەکەیان فەرامۆش کـردووە، تەنیا کاکڵەکەیان لـەوان وەرگرتووە، ئەوەش ئاریشـە و کێشە لابەلاکانی زۆرتر کردووە.

> ئێمە تەنیا مۆدەی جلو بەرگ و شێوەی برینی پرچ و ماکیاژکردن لە ئەورووپا فێربووینە

**بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: هاوژین عومەر**
**بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**
Mobile: 07504493956 Email: komelayeti@gulan-media.com